
وشە و زاراوە
(پزیشکی ، سایکۆلۆجی ،گشتی)
(فەلسەفی ، سیاسی ، کۆمەڵناسی )
ئامادەکردن و کۆکردنەوەی :
ئارام مجید شەمێرانی
چاپی دووەم - 2009

# زیاد لە ٦٠٠ وشەو زاراوە

## بۆ فراوانکردنی ئاسۆی زانیاریت

# وشەو زاراوە

پزیشکی

سایکۆلۆجی

گشتی

فەلسەفی

سیاسی

کۆمەڵناسی

## ناسنامەی فەرهەنگ

**ناوی کتێب** : وشەو زاراوە

**بابەت** : فەرهەنگی

**کۆکردنەوەو ئامادەکردنی** : ئارام مەجید شەمێرانی

**تایپ و هەڵەبڕ**: ئامادەکار

**چاپ** : چاپی دووەم ـ ٢٠٠٩

**شوێنی چاپ**: چاپخانەی

**تیراژ** : ١٠٠٠ دانە

هەواڵنامەی کتێب

# پێشکەشە بە :

- ئەوکەسەی کەهەموو کەسێکێ بەپێی عەقڵی خۆی قسەی لەگەڵ دەکات.
- ئەوکەسەی کەدڵۆپە خوێنەکانی جەستەی دەکاتە مەرەکەب بۆنوسینی زمای کوردی وخزمەتی ئەو زمانە.
- ئەوکەسەی ئاواتی سەربەخۆی کوردستان و یەکگرتوویی زمانی کوردیە.
- ئەو دوو کەسەی چرای ژیانیان بۆ داگیرساندم دایکێ وباوکم لەوێ!

هەوارنامەی کتێب

# دەسپێك

لەسەردەمی ئەمڕۆدا بەهۆی پێشکەوتن و گەشەسەندن لەبوارەکانی زمان ونووسین ورۆشنبیری و بڵاوکراوەکان ،چەندین پسپۆڕو نوسەرو رۆشنبیر لەنووسین و بڵاوکراوەکانی خۆیاندا هەروەها لە سایتە ئینتەرنێتیەکاندا، وشەو زاراوەی فەلسەفی وسیاسیی و جۆراو جۆری بیانی لەنووسین یان قسەو گفتوگۆدا بەکار دەهێنن،ئەم وشەو زاراوانەش ماناو مەبەستیان ڕوون و ئاشکرا نیە لای خوێنەری کورد، ئەمەش بەهۆی باش تێنەگەشتن ونامۆبوونیان بەو زاراوانە یان نوێ بوونی ئەو زاراوانە لەنێو زمانی کوردیدا،بۆئەوەی خوێنەر تارادەیەکی باش ئاشنایەتی پەیدا بکات بەواتاکانیان و ناسینیان، بۆیە حەزمکرد بۆ زیاتر فراوان بوونی ئاسۆی بیری خوێنەرو باشتر ئاشناکردنی بەماناکانیان ،هەستم بەکۆکردنەوەیان و لەچاپدانیان،چونکە بەشێوەیەکی پەرش وبڵاو لەنێو سەرچاوەکاندا بەکارهاتوون بێ نوسینی واتاکانیان

دیارە پێش منیش چەند نوسەرو ڕێکخراو ئەو ئەرکەیان لە ئەستۆ گرتووە ،بەڵام بەشێوەیەکی کەم گرنگی پێدراوە ،یان لە دووتوێی پەرتوکێکی بچووکدا نوسراوە، بەڵام لێرەدا ئەرکی من کۆکردنەوەو ڕێکخستن وخستنە ڕوویەتی بەشێوەیەکی باشترو جوانتر، وەئەرکی ئەوانیش جێگەی ڕێزو تەقدیری منە

گرنگە بیخەمە ڕوو ، کەمن لەم بەرهەمەدا نەمتوانیوە بەتەواوی و بەشێوەیەکی پێناسەکراو واتای ئەو زاراوانە بخەمە ڕوو ،چونکە یەك

دوو وشە ماناى تەواوو پێناسەکراو نــادات بەدەســتەوەو بگــرە زیــاترى دەوێ ، پێویستە خوێنەرى بەرێز واتێنەگات بــەم واتایانــە فکرەیــەکى باشى لەسەر وەرگرتوون و زانیارى تەواوى لەسەر پەیداکردوون، ئەوەش گرنگە بوترێ هەندێك زاراوە زیاد لەواتایەکى بۆ نوسراوە ، ئەمەش بــۆ ئەوەیە خوێنەر باشتر تێبگات ،وە سەرەتایەك بێت بۆناسین و تێگەشتنى زاراوەکان بەشێوەکى ئاسان . سەرەڕاى ئەوەش کۆمــەڵێك وشــەى گــشتیم بەکار هێناوە ئەمەش زیاتر بۆ جونکردن و رازاندنەوەى ئەم بەرهەمەیە دەخوازم هەرنوسەرو رۆشنبیرێك لەکاتى بــەکارهێنانى ئــەم زاراوانــەدا لەنوسراو بلاْوکراوەکانیاندا لەتەنیشت زاراوەکــەوە ماناکــەى بنوســێ ، ئەمەش بۆ زیاتر خزمــەتکردنى زمــانى کوردییــە، بێگومــان گــەر ئــەوە نەکرێت ئەوا بەدڵنیاییەوە بەشــێوازێك لەشــێوازەکان کوشــتنى زمــانى بێگەردى کوردى یە

پێوستە ئێمەش هەمیشە خزمەتى ئەو زمانە بکەین و بیپارێزین : ( پــێم وایە گەر بتەوێ میللەتێك بکوژیت ئەوا زمانەکەی لە نێوبەرە )

ماوەتەوە بڵێم ئەم کارەى من کردوومە هــیچ داهینــانێکى تێدانیــە یــان زانستى نیە، بەلاْم وەك وتراوە هەر کارێــك بەشــێوەى زانــستى بکرێــت زانــستى یە،جگــە لــەوەش هــەوڵ و مانــدووبونێکى زۆرى ویــستووە ،تاگەشتووەتە ئە نجام و هاتووەتە بەردەستى ئێوەى بەڕێز

لە ڕابردوودا چــاپى یەکــەمم بلاْوکــردەوە بۆیــە بــەگرنگم زانــى پــاش کۆمەڵێك گۆرانکــارى و دەســتکارى و زیــادکردنى کۆمــەڵێك زاراوەى تــر بۆجارى دووەم لەچاپى دەمەوەو بەشــێوازێکى باشــتر بگاتــە بەردەســتى

ئێوەی خۆشەویست، بەهیوای ئـەوەم تــوانیبێتم کـەلێنێکی بچووکیــشم لەکتێبخانەی کوردی پڕ کردبێتەوە،

تکادەکـەم بەگــەورەیتان لەهەڵەبـچووکەکانم ببــوورن ،وەك هەمیــشە لەکارەکانمدا دەڵێم ( نامەوێت ســوپاس بکرێــم ، بــەڵکو دەمـــــەوێت گــلەیـم لێ نەکرێت ) .

ئارام مەجید شەمێرانی

٢٠٠٩

هەواڵنامەی کتێب

# پیتی (ئـ)

**ئایدۆلۆژیا** : فیکر ، باوەڕ

**ئارترۆلۆژیا**: زانستی جومگەکان

**ئارگۆمینت** : مشتومڕ

**ئارکیۆلۆجی**: شوێنەوارناسی

**ئافرۆدێت** : خوای جوانی لای یۆنانیەکان

**ئا پارتایت** : رەگەزپەرستی ، جیاوازی رەگەزی

**ئا پۆلەتیزم** : دورە پەرێزلەسیاسەت

**ئانارشیزم** : بێ سەروبەری،ئاژاوەچی

**ئانارشیست**: ئاژاوەگێر

**ئافرینگان** : هەندێك نوێژە زەردەشتیەکان لەجەژندا دەیکەن

**ئالەرژی** : هەستیاری ،حەساسیەت

**ئالیتیۆلۆجی** : ڕاستی ناسی

**ئانگسترۆم** : ئەندازەگیری درێژی شەپۆلەکان

**ئانــژیۆگرافی** : نیـشاندانی دەمارەکـانی لـەش لەســەر

هەموو الزامەی کتێب

فیلم

**ئانگلۆفیل** : کەسێك دۆستی ئینگلیزبێت

**ئاهورامزدا** : هێزی خێر لای زەردەشتیەکان

**ئاڤێستا** : کتێبی پیرۆزی زەردەشتیەکان

**ئاپارتمان** : باڵەخانە

**ئایدیالیزم** : فەلسەفەی میسالی

**ئاکتوالیزم** : تیۆرێکە دەربارەی گۆرانکاری زەوی

**ئانژین** : ئاوسانی قورگ

**ئاناتۆمی** : زانستی توێکاری

**ئارتیمس** : ناوی خواوەندی یۆنانیە

**ئاناڤێلاکس** : هەستەوەری زۆر توند

**ئارێشە** : کێشە

**ئانیسمیسم** : بڕوا بەجیهانی رۆح و جیا لەجەستە

**ئانترۆپۆلید** : مەیمونێکە شێوەی لەمرۆڤەوە نزیکە

**ئامبریۆلۆجی** : سەرناسی

**ئاستیمانیسم** : نەخۆشیەکی چاوە ،لاربینی

**ئاناچرۆنیزم** : تێکەلکردنی مێژوو

**ئاژیتاسیۆن** : پرۆاگەندە

**ئەدمیراڵ** : ئەفسەری دەریا

**ئەنتۆمۆلۆجی** :زانستی تایبەت بەژیانی حەشەرات

**ئەسترۆنۆمی** : گەردونزانی ، شوێن بەگوێرەی هێڵەکانی پانی و درێژی

**ئەنزیم** : رژێنێکە لەلەشدا خواردن دروست دەکات

**ئەنیما** : نەخۆشی کەم خوێنی

**ئەلتەرناتیڤ** : بەدیل ، جێگرەوە

**ئەنسرۆپۆلۆجیا** : مرۆڤناسی

**ئەرستۆکراتی** : حوکم چینی راقی

**ئەدۆنیز** : خوداوەندی پیت و فەڕ لای فینیقیەکان

**ئەنتۆنیم** : دژ

**ئەنتاگونیزم** : شەڕخۆزی ، شەڕەنگێزی

**ئەهریمەن** : هێزی شەر لای زەردەشتیەکان

**ئەکادیمی** : زانستی

هەواڵنامەی کتێب

**ئـــەکیومین :** ئاوەدان،ئەوبەشـەی دەوڵەتـە کەگـەورەترین و چـڕترین ڕووبـەری ئاوەدانە لەڕوور نیشتەجێبوون و تۆڕەکانی هاتووچۆ و هێڵەکانی جوڵە

**ئەکـــــسیدێنتالیزم :** فەلـــسەفەی ڕێکەوتگـــەری ، ناجەوگەری

**ئەکتیڤ:** کارا ، چالاك

**ئەنیمیزم :** زیندەگی سروشت ،ڕۆح

**ئەنتۆلۆجی :** وجودی

**ئەسنۆلۆجیا :** ڕەگەزناسی

**ئە تمۆسفیر :** بەرگەهەوا

**ئەکسیۆلۆجی :**گەڕان بەدوای بەهاکاندا

**ئەکیۆلۆجی :** گەڕان بەدوای بەهاکاندا

**ئەتەکێت :** ڕێوڕەسم،ڕۆتینات

**ئەگنۆسیزم :** گومانکاری

**ئە پۆلیتسیزم :**دوورکەوتنەوە لەکاری سیاسی

**ئە پۆلۆجیستی :** پارێزەری دین

**ئەنەلۆجی :** لێکچون

**ئەسترۆلۆجی :** ئەستێرەناسی

**ئەسترۆبایۆلۆجی :** زیندە ئەستێرەناسی

**ئەجێندا :** کارنامە

**ئەبستراکت :** تەجرید ، رووتکردنەوە

**ئەنۆفیلس :** مێشولەیەکە مەلاریا دەگوازێتەوە

**ئەتۆبیۆگرافی :** ژیاننامەی کەسێك کەخۆی بینوسێت

**ئە پۆلۆجی :** پۆزش هێنانەوە ،دژایەتی وشك

**ئەسکۆلاستیك :** عیلمی کەلامی مەسیح

**ئەلتۆریزم :** خۆنەپەرستی ، ئەودیوخوازی

**ئێستاتیکا :** جوانخوازی

**ئیمپریۆلۆجیا :** زانستی کۆرپەلە زانی

**ئیکۆنۆمی :** ئابوری

**ئیکۆنۆمیست :** ئابوری زان

**ئیکۆنۆمیزم :** ئابوریگەری

**ئیحتیکار:** قۆرغ کردن

**ئێکسسوار :** ئەو شتانەی لەسەر شانۆ بەکاردێن و

قابیلی گولستنەوەن

**ئیرۆس :** خواوەندی زیندەگی و ئەڤین

**ئینتەرناسیۆنالیزم :** نێونەتەوەی

**ئینستیتیۆت :** پەیمانگە

**ئیدیۆم :** زاراوە

**ئیپۆس :** ئەدەب ڕەوانی

**ئینسکلۆپیدیا :** مەوسوعە ، زانیارینامە

**ئینگریمێنتالیزم :** پلەپلەیی (التدریجیە)

**ئێتنکراسیۆنی :** یەك نەگرتنی هۆز

**ئیتمۆلۆجی :** ریشەی وشەناسی

**ئیکۆلۆجی :** ژینگەزانی

**ئیکۆلۆجیست :** ژینگەزان

**ئنێرجی :** وزە

**ئیسۆلەیشم :** ڕەهاگەری

**ئیپلۆجی :** بەهانەی

**ئیستیبداد :** حوکمی رەهای کەسێك ملکەچی یاسا

هەواڵنامەی کتێب

نەبێت

**ئیلتیزم :** نوخبەخوازی

**ئینتیــــداب :** مافــدان ، ژێــر فــەرمانی ، سەرپەرشــتی گەلانی ولاَتێك كە توانای خۆبەڕێوەبردنی نەبێت

**ئیندەستریالیزم :** پیشەسازی خوازی

**ئیسۆلۆجی :** رەفتارناسی

**ئیمتیاز :** مافی تایبەت

**ئێراتۆ :** خواوەندی ئەویندارى

**ئیندیڤایدۆلیزم :** تاكڕەوی

**ئیگۆیزم:** من خوازی ،من گەرایی

**ئیكرۆنۆگرافی :** وێنە ، وشەسازی

**ئیسنۆگرافیا:** وەسفی گەلان

**ئیسكاتۆلۆجی :** بنەچە ناسی

**ئیمپریسیزم:** رێبازی ئەزمونگەری

**ئیكس هیبیتیشزم :**خۆنواندن،شانازی بەخۆوەكردن

**ئۆتۆكراسی :** حوكمی تاكەكەس

هەواڵنامەی كتێب

**ئۆتۆنۆمی** : خۆکارگێری

**ئۆلیگاریشی** : حوکمی کەمینە

**ئۆپۆزسیۆن** : بەرهەڵستکار

**ئۆرگان** : ئەندام ، زمانحاڵ

**ئۆرگازم** : لوتکەی چێژ لەکاری سێکسیدا

**ئۆپێرا** : شانۆگەری شیعروئاواز

**ئۆفیست** : چاپکردنەوەی کتێبی چاپکراو

**ئـــورمی** : نەخۆشـــیەکە بـــەهۆی تێکـــچونی گورچـــیلە روودەدات

**ئۆنتۆلۆجی** :خەون ناسی

**ئۆنیۆلۆجی** : مەیناسی، زانستی مەی

**ئۆراڵی** : زارەکی، مناقەشەی دەمی

**ئۆقیانوس** : وشەیەکی یۆنانیە بەمانای زەریا دێت

**ئۆستالیژیا** : سۆزو گەڕانەوە بۆ مێژوو

**ئوتارکی** : سەربەخۆیی ئابووری

**ئۆرێنتالیزم** : زانستی رۆژهەڵاتناسی

کتێبخانەی ئەلیکترۆنی

**ئۆریتاریزم** : دەسەڵاتگەری

**ئۆپۆرتۆتیزم** : هەڵپەرست

**ئۆنیرۆلۆجی** :خەون ناسی

هەواڵنامەی کتێب

# پیتی (ب)

**بایۆلۆجی :** زیندەوەرناسی

**بایۆلۆجیست :** زیندەوەرزان

**بایکۆت :** دابران، بێ بەشکردن

**باکگراوند :** زەمینە ، پێشینە

**باکتریۆلۆجی :** بەکتریا ناسی

**بایگان :** ئەرشیف

**بۆتۆلیزم :** ژەهراویبوون بە خۆراك

**بۆرجوازی :** چینی ناوەند

**بودایزم :** بوداخوازی ، پێڕەوکردنی ئایینی بوودا

**بۆنـــد :** عەقد ، پەیمان

**بۆلوار:** گۆرەپانێك باخچەی تیا بێت

**بەرناسی :** ڕێبازی هونەر بۆ هونەر

**بەلشەفیك :** زۆرین بەڕابەرایەتی لینین

**بۆرنۆگراف :** هونەری بێ ڕەوشت

هەوالنامەی کتێب

**بیبیلۆگرافیا** : پێرست ، سەرچاوەی پەرتوك

**بەربـــەریزم** : ناشارســتانی ، دواکـەوتوو لـە ڕووی بـیرو هۆشەوە

**بـــۆرس** : جێگەی کڕین و فرۆشتنی دراو

**بـــــیرۆ** : نوسینگە

**بەیدەبا** : خاوەن زانست

**بلاتفۆرم** : دوانگە

**براگماتیزم** : بەرژەوەندخواز

**بیرۆکراسی** : حوکمی نوسینگەکان

کتێبی ئەمەوانامە

# پیتی (پ)

**پێداگۆجی :** زانستی فێرکردن و وانەگوتنەوە

**پۆزش :** داوای لێبوردن کردن

**پۆلیکراسی :** حوکمی فرجەمسەری

**پۆپەلیزم :** میللی گەرایی (الشعبیە)

**پەروەند :** دۆسیە ، فایل

**پرۆلیتار:** چینی کرێکار ، کرێکار

**پراگماتیزم :** کردەگەریەتی ، راستەقینەی

**پرۆتۆکۆل :** رێکەوتنامەی کاتی

**پرۆفایـل :** کورتە ژیاننامە،

**پرۆڤـە :** مەشق ، تاقیکردنەوە

**پرۆتستۆ :** نارەزایی دەربڕین ، ئیدانە

**پرۆگرام :** بەرنامە ، کارنامە

**پاسۆلۆجی :** نەخۆشی زانی

**پانتۆمایم :** نواندن و لاسایکردنەوە بەهێما

**پـارازێت** : مشەخۆر

**پاکنووس**: نوسینەوەی دوای ڕەشنووس

**پاستۆرالیزم** : شوانکارەی

**پالیۆگرافی** : زانستی خوێندنەوەی خەتە دێرینەکان

**پالیۆنتۆلۆجی** : دێرین ناسی

**پاتریۆپۆتیزم** : نیشتمان پەروەری

**پــــارك**: سەیرانگا

**پایاننامە**: دوانامەی خوێندن ، دکتۆرا

**پارتیزان**: گەریلا ، سەربازی چیا

**پاسیڤ** : ناکارا ، سلبی

**پاتریاکی** : باوکسالاری

**پاپا** : سەرۆکی باڵای کەنیسەی کاسۆلیکی جیهانی

**پاستۆریزە** : لەناوبردنی میکرۆب لەشیرو شلەمەنیدا

**پانسیۆن**: میوانخانە

**پانلۆجیزم** : دەسەڵاتی لۆجیکی بیرو بیرۆکە

**پانۆراما** : دیمەنی گشتگیر

**پارادۆکس** : ناکۆکی،لەڕواڵەت ناکۆك

**پاسیفیزم** : سوڵح ، لایەنگری ئاشتی

**پلۆتۆکراســــــی** : نــاوی ســیتەمێکی حوکمەلەلایــەن دەوڵەمەندترین کەسی وڵاتەوە بەرێوەدەبرێت

**پەسیمیزم**: ڕەشبینی

**پۆل مینا** : خواوەندی سەماو ئەندازیاری

**پراگماتیزم** : کرداری خوازی

**پڕوپاگەنــــــدە**: ڕاگەیانــدن و کۆشـــش بۆســـەلماندنی مەبەستێك ، بانگەشە

**پرۆبابلیزم** : ئەگەری خوازی

**پەرچەم** : ئاڵا

**پۆلەتیك** : سیاسەت

**پۆزەتیف** : ئەریٚ ، ئیجابی

**پلۆرالیزم** : فرەیی (التعددیە)

**پۆپۆلیزم** : خەڵك خوازی

**پرۆفیشناڵ** : کارامە ، پیشەیی

کتێبخانەی ئەمرالئامەی

**پۆلۆسیزم :** قۆناغی سروشت پەرستی و فرەخواوەندی

**پۆست مۆدێرنە :** پاش تازەگەری

**پەروانە :** پەپوولە

**پرۆپۆزەڵ :** نەخشەی کار

**پرۆژە :** نەخشەی کار

**پرۆتۆن :** گەردیلەی زۆر وردە ناوکی ئەتۆم پێك دێنێ

**پەرلەمانتار:** ئەندام پەرلەمان

**پینۆلۆجی :** سزازانی

**پێرسپتوالیزم :** واتا خوازی

**پێرنێکشیزم :** نواندن ، کردەی دەربڕین

کتێبخانەی دیجیتاڵی

## پیتی (ت)

**تەلەگراف** : برقیە ، بروسکە

**تێرمینۆلۆجی** : زاراوە ناسی

**تیرمینالْ** : خاڵی کۆتایی ، وێستگەی گەشتنی فڕۆکەو پاس ، گەراج

**تراژیدیا** : مەرگەسات

**ترانزێت** : گومرگ ناکرێ و تەنها کرێی گواستنەوە دەسەنرێ

**تەکنیك** : هونەرو وردەکاری

**تاکتیك** : نەخشەدانان ، نەخشەی کورت خایەن

**تۆپۆگرافیا** : بەرزو نزمی رووی زەوی

**تۆتالیتار** :تاکڕەوی

**تۆتالیتاریزم** : گشتگیر

هەواڵنامەی کتێب

**تۆپۆلۆجی :** تویژینەوە لەپێکهاتنی بونیادگەری

**تێکست:** دەق ، دەقی ئەدەبی

**تیمۆگرافی :** ئامێری وێنەگرتنی کۆمپیوتەری

**تیمۆکراسی :** ئەودەوڵەتەی کەسەرکردەکان تەنیا لەپێناو ڕێزدا کاردەکەن

**تیرۆریزم :** ترساندن و تۆقاندن ، ڕەشەکوژی

**تیرۆریست :** ترسێنەر ، ڕەشەکوژ ، ترسهێنەر

**ترادیشن :** تەقلیدی ، نەریت

**تەکنۆکرات :** حوکمی پسپۆڕەکان

**تابۆ :** حەرام ،قەدەغەکراو

**تانتۆس :** خواوەندی مەرك و لەنێوچونی لەئەفسانەی گریکی

**ترا پیۆتیك :** هونەری چارەسەرکردنی نەخۆشی ، دەرماناسی

**تێز :** لێکۆڵینەوە ، پایاننامە

**تیراژ :** ژمارەی کتێبە چاپکراوەکان

هەواڵنامەی کتێب

**تۆریست :** جیهانگەر ، گەشتیار

**تلیۆلۆجی :** ئامانج خوازی ، مەبەست خوازی

**تریبوون :** دوانگە ، کورسی وتاربێژ

**تراموای :** فارگۆنی شەمەندەفەر

**تالیا :**خواوەندی کۆمیدیاو بەزمەسات

**تامپۆنی :** هاوسێیەتی ژمارەیەکی زۆری دەوڵەتان بێ کێشە لەنێوانیاندا

**تایپۆلۆجی :** جۆرناسی

**تریسکۆر :** خواوەندی شیعری ستڕانی و سەما

**تەوتەلۆجی:** زانستی دووبارەکردنەوەی بێ مانا

**تەوتەمیزم :** تەوتەم ، پەرستنی ئاژەڵ و شتانی تر

**تەکنۆلۆجی:** هونەرزانی

**تابوری پێنجەم:** ئەوانەی خزمەت بەدوژمن دەکەن لەناو خۆداوجاسوس و خائینی شاراوە

**تریسیزم :** سێ خوا خوازی ، رێبازی سیانی

**ترۆپۆلۆجی :** زانستی مەجازی ، ( واژە)

هەوالنامەی کتێب

**تەتریك** : بەتورك كردن

**تەعریب** : بەعەرەب كردن

**تەبعیس**: بەبەعسی كردن

**تەفریس**: بەفارس كردن

**تەرحیل**: راگواستن

**تەهجیر**: كۆچ پێكردن

کتێبخانەی ئەلیکترۆنی - عەوالنامەی کتێب

# پیتی(ج)

**جیۆلۆجی :** زەوی ناسی

**جیۆلۆجیست :** زەوی ناس

**جوگرافیا :** هێڵکاری زەوی

**جینۆساید :** لەناوبردنی رەگەز ، کۆمەڵکوژی

**جایڵسا :** شارێکی خەیاڵیە لەخۆرئاوا

**جابوقا :** شارێکی خەیاڵییە لە خۆرهەلأت

**جەبرییەکان :** ئەوانەن کەدەڵێن: کارەکان لەچارەی مرۆڤدا نوسراون

**جیۆفیزیك :** لێکۆڵینەوەی فیزیکی زەوی

**جۆرنالیست :** رۆژنامەنووس

**جۆرنالیزم:**رۆژنامەگەری

**جیۆپۆلەتیك :** جوگرافیای سیاسی ، دەوری زەوی و

هەواڵنامەی کتێب

باری جوگرافیا لەسەر سیاسەت

**جینالۆجی** : بنەچە ناسی

**جینۆکۆلۆجی : ژینگەزانی بۆماوەیی**

**جیرۆنتۆلۆجی** : پیری ناسی

**جیۆئیکۆنۆمیك** : جوگرافیای ئابووری

**جمناستیك** : جۆرە وەرزشێکی جەستەی فەرەنگییە

**جڤاتی** : کۆمەلأیەتی

**چیلیازم** :مەملەکەتی خوداوەندی رەها ،لە ئایینیکۆنی مەسیحی و یەهودی دا

کتێبخانەی هەولێر

# پیتی(د)

**داتـــــا** : زانیاری ، ژمارە

**دادیزم** : هونەری ناماقوڵ

**داینەمۆ** : بزوێنەر ، بەگەڕخەر

**دیمۆگرافیا** : زانستی دانیشتوان

**دیـــــوان** : دەفتەری شیعر، خانەی دادپەروەری

**دیالۆگ** : ئاخاوتن ، گفتوگۆ

**دیکتاتۆر** : زۆردار و تاکڕەو ، خۆسەپێن

**دۆگماتیزم** : وشکەباوەڕی ، شوێنکەوتنی کوێرانە

**دیالێکت** : شێوەزار ، لەهجە

**دیالێکتیك** : ناکۆکی

**دینامیکی** : جوڵاو

**دۆســـیە** : فایـــل

**دێکتــــە** : ڕێنوس ، یەکێ دەیلێ و یەکێ د ەینوسێ

**دەردەفیل** : نەخۆشیەکە قاچی مرۆڤ دەئاوسێنێ

**دیزانتری** : سکچوونی خوێناوی

**دیسپلین** : ڕێکخەر، ڕێك و پێکی

**دێرماتەلۆجی** : زانستی پێست ، دەردە پێست

**درامــــا** : شانۆگەری ، نواندن

**دراماتیست** : شانۆ نووس

**دیسك** : هەرشتێك کە خڕبێ

**دیانا** : خواوەندی مانگ و ڕاوو شکارو دارستانە

**دێوانە** : شێت بوون

**دێـــــو** : بونەوەرێکی خەیاڵی و ئەفسانەییە

**دیۆنتۆلۆجی** :زانستی ئەرکەکان

**دیماگۆجی** : ساویلکە ، خۆش باوەڕ

**دیموکراسی** : حوکمی گەل

**دیمۆنۆلۆجی** : لێکۆڵینەوەی تایبەت بەئەفسانەی دێو و درنج.

**دی هیۆمانیزەیشن** : بەخوا زانین ، خۆ بەخوا زانین

**دیتەرمێنیزم** : هۆکار خوازی ، بیرۆکەی هەبوو نایەت

**داروینیزم** : تیۆری (چارلس داروین )ە

**دال** : ئاماژەپێکەر

**دیکۆمێنت** : بەلگەنامە

**دیلماج** : وەرگێڕ

**دیزاین** : نەخشەکێشان ، پلاندانان

**دیسپۆتیزم** : ستەمگەری،**دەسەلاتێك هیچ سنورێکی یاسی نەبێت**

**دوالیزم** : دوانەیی ( الثنائیة)

**دیفاکتۆ** : ئەمری واقیع

**دیستیلەیشن** : دلۆپاندن

**دیسیلینیشن** : شیرین کردنی ئاوی دەریا

**دی جۆری** : ئەوشتەی لەسەرئەساسێکی یاسایی وەستاوە ئەگەر وجودی واقیعی نەبێت

**دیـــاجە** : پێشەکی

## پیتی(ر)

**رادیکاڵ :** ریشەخوازی ، گۆڕانی بنەرەتی

**رۆبـــۆت :** مرۆڤی ئالی

**ڕێنیسانس:** ڕاپەڕین ، بوژانەوە

**ریالیزم :** ڕاستی ، ڕاست بین

**ریفراندۆم :** ڕاپرسی

**ریفـــۆرم :** چاکسازی

**ریفۆرمیست :** چاکساز

**راسیزم :** ڕەگەزپەرستی ، دەمارگیری

**راســیزت :** ڕەگەزپەرست

**را پـــۆرت:** لێدوان ، هەوڵدان

**رۆمانتیك:** دڵدارییانە ، خەیاڵی

**راشیتیزم:** نەخۆشی ئێسکە نەرمە

**راهیب:** پیاوانی مەسیحی کەنارگیر

**راشیۆنالیزم :** عەقلانی ، ژیرانە

**ریئاکتۆر :** کورەی ئەتۆمی

**ریئاکشن :** کاردانەوە ، بەرپەرچ دانەوە

**رەبانی :** خواناس ، زۆرخواپەرست

**ریپۆرتـــاژ :** کۆکردنـــەوەی هـــەواڵ دەربـــارەی رووداو لەلایەن پەیامنێر

**ڕتـــوش :** دەستکاریکردن بەمەبەستی جوانکاری

**رەخش:**ڕەنگی سورو سپی

**ریستۆرانت :** چێشتخانە

**ریکلام :**ئاگاداری ، ڕاگەیاندن

**ریـــــکۆرد:** باڵاترین سەرکەتن لەپێشبرکێدا

**رۆماتیزم:** دەردە جومگە

**رەوانکاری:**شیکردنەوەی دەرونی

**رێــــــتم:** رەوت ، کێش ، ئیقاع

**ڕۆیالیزم:** پاشایەتی خوازی

**ڕژێۆنالیزم:** ناوچەگەری

**ڕووسپی :** لەکوردیدا ژنی داوێن پاکە

**ڕووسپی :** لەفارسیدا ژنی بەدرەفتارە

**ڕابـــــــــی :** پلەیـەکی ئـایینی یـە دەدرێـت بـە گـەورەو سەروەری جوولەکەکان

**ڕابــــوون :** هەستان

**ڕادیۆلۆجی:** تیشك ناسی

# پیتی(ز)

**زیۆلـــــۆجی:** ئاژەڵناسی

**زیۆلۆجیست:** ئاژەڵناس

**زایلۆفۆن:** ئامێرێکی مۆسیقایە

**زایۆنیزم :** بزووتنەوەی جوولەکایەتی

**زایلۆگرامی :** هونەری هەڵکۆڵین لەسەر تەختە

**زیـــــــۆس :** گەورەی خواوەندە ئەفسانەییەکان

**زەنـــــــــد :** راڤەی کتێبی ئاڤێستای زەردەشتی یە ، ناوی هۆزێکی کوردە

**زنجـــــــی :** رەشپێست

**زامیـــــاد :** ناوی فریشتەیەکە،لەئایینی زەردەشتی

**زیکـــزاك :** هێلی شکاوە

**زەنگـــار :** نـــاوی شـــوێنێکە لـــە ئـــەفریقا ، شـــوێنی

## پیتی(س)

**سەنتەر :** ناوەند ، مەڵبەند

**ستـــــاف :** دەستەی بەڕێوەبردن

**سەردیـــن :**جۆرە ماسیەکی وردو بچوکە

**سوپاسالار :** سەردارو فەرماندەی سوپا

**سوریالیزم :** جوڵانەوەیەکی ئەدەبی و هونەرییـە کـەجیهانی خەون و نەستی لەنیگار و نوسینەکانیدا تەوزیف کردوە

**ســـــەروپ :** خزمەتگوزاری

**سەرگورد :** ئەفسەرێکە پلەی لەسەروان بەرزترە

**سۆسۆلۆجیا :** کۆمەڵناسی

**سۆفییزم :** ڕێبازی سۆفیگەریی

**سۆڵیداریەتی :**هاوکاری

**سیستەم :** ڕژێم ، نەسق

**سەندیکا** : نەقابە

**سیمبۆلیزم** : هێماگەری

**سیمۆلۆجی** : نیشانەناسی

**ستاندەر** : پێوانەیی

**ستادیۆم** : وەرزشگە، گۆڕەپانی یاری

**سیناتۆر**: ئەندامی ئەنجومەنی پیران

**سیناریۆ**: نمایش نامە

**سەمفۆنیا** : ناوی جۆرە مۆسیقایەکە

**سیسمۆگرافیا** : دەزگای بومەلەرزە پێو

**سـۆژە** : بابەت ،جیێگەی باس

**سـەودا** : مامەڵە

**سۆشیالیزم** : بیرێکی کۆمەلایەتی یە بەواتای دژی تاکڕەوی

**سۆپەرماکێت** : بازاڕی هەمەچەشنە ، بازاڕی تایبەتی

**ستراتیجی** : نەخشەکێشان و بەگەڕخستنی وەسیلەکان بۆ ئامانجە دوورەکان

**سینتاکس** : ڕستەسازی

**سیمینار** : کــــۆڕ

**سیکۆلاریزم** : دنیاخوازی

**ستراکتۆر** : پێکهاتە ، بونیاد

**ستۆکتۆرالیزم** : ساختەگەریی

**ستراکچرالیزم**: بونیادگەری

**سکتاریزم** : گۆشەگیر ، دوورە پەرێز

**سیڤلازەیشن** : شارستانی ، ژیار

**سڤـــــــــیل** :شاری،شارستانی

**سفیگمۆگرافی** : دەزگای پێوەری دڵ

**سیـــــــنۆزیت** : سورداگەڕان و ئاوسانی لووت

**سینۆگرافی : کورت نوسی،نیشانە نوسی**

**ستریۆگرافی : دروستکردنی وێنەی تەندارلەسەر ڕووی تەخت**

**ســـــــەبا** : بایەکی خۆشە لای رۆژهەلآت هەڵدەکات

**سمنا پۆلیست** : کەسێکە بەدەم خەوەوە بڕوات

**ستاتیك**: نەجولاْو

**ستـــــایڵ**: شـێواز

**سپێرتیزم** : زانستی ئامادەکردنی رۆح

**سایتۆلۆجی** : خانەناسی

**سایفۆلۆجی** : لێکۆلینەوەی دەنگدان و هەڵبژاردنەکان

**سایکۆلۆجی** : دەروون ناسی

**ســــــادیزم** : لــەزەت وەرگــرتن لــەئازاردانی کەســی بەرامبەر

**ساتاتیزم** : شەیتان پەرست،لادان بەلای شەڕدا

**سایکۆســـۆماتیك** : نەخۆشـیەکی جەسـتەییە بــەهۆی نەخۆشی دەروونی ڕوو دەدات

**ســــانسۆر** : چاودێریکردن ، رەقابە

**سانسکریت**: زمانی کۆنی هیندییەکان

**سادەلەوح** : ساویلکە ، خۆش باوەڕ

**ســاردوج**: هەویرێکـە لـە قـسڵ و خۆڵـەمێش دروسـت دەکرێت

**سیۆلۆجی** : یەزدانناسی

**سیۆکراتی** : حوکمی ئیلاهی

**شۆفینیزم** : دەمارگیری، نیشتیمان پەرستی کوێرانە

## پیتی (ف)

**فاناتیسیزم** : دەمارگیری

**فۆتۆگراف** : وێنە بەڕووناکی

**فیزۆکراسی** : تیۆرێکی ئابورییە

**فسیۆلۆجی** : کاری ئەندام زانی

**فیــــــــنالْ** : کۆتای پێشبڕکێ

**فەغـــــفور** : کورەخوا نازناوی پاشاکانی چین بوو

**فۆبـــــیا** : ترسان ،دڵەڕاوکێ

**فـتۆکۆپی** : لەبەرگرتنەوە

**فیـــودالْ** : دەرەبەگ

**فیودالْیزم** : دەرەبەگایەتی

**فۆرماسیۆن** : پێکهێنان ، دامەزراندن

**فراکسیۆن** : کۆمەڵێك لەناو ڕێکخراوێکدا

**فیلۆلۆجی** : زمانناسی

**فـــــــــۆرم** : شـــێوە

**فینۆمینۆلۆجی** : دیاردەناسی

**فۆرنۆلۆجی** : دەنگ ناسی

**فەنتازی** : خەیاڵ ، ئەندێشە

**فۆنەتیك** : دەنگ ، گۆکردن (تلفظ)

**فیدراڵی** : یەکێتی ، یەگگرتوو

**فیدراسیۆن** : یەکێتی

**فۆلکلۆر** : کەلەپووری میللی

**فیمینیـــزم** : بزوتنـەوەی یەکـسانی خـوازی ئافرەتـان و پیاوان

**فیلان سرۆپیزم**: خەڵك خوازی

**فیرهۆلۆجی**: کەللەسەرناسی

**فۆرمالیـــست** : شـێوەخواز لەهونـەردا ، واتـە هونـەر بـۆ

هونەر

**فەندامینتالیزم :** ئوسـولّیەت ، گەڕانـەوە بـۆ سەرچـاوە ئەسڵیەکەی بیروباوەڕی خۆی

**فیراسەت :** تیژ بیری ، بیرتیژی

**فەرخار :** بتخانە

**فراکسیۆن :** کۆمەڵێك لە ناو رێکخراوێك یان دەزگایەك

**فروهەر :** نوورو رووناکی ئاهورامزدا

**فۆرمەلە :** گەلاڵە

**فیـــــگەر :** وێنە (شکل)

**فۆرمالیزم :** شێوەخوازی

**فیوچەرلۆجی :** داهاتوو ناسی

**فیتیشیزم :** پەرستنی شتی بێگیان ، بت ئاسایی

**فاندالیزم :** شەرەنگێز ، گیانی شەرخوازی

**فاشیزم :** فەرمانڕەوای دیکتاتۆریانە

**فابریقە :** مارکینە

**فاتۆلیزم،فـەتالیزم :** قـەدەرخوازی،بڕوابوون بـەوەی

چارەنوس هەر لەئەزەلەوە دیاری کراوە

**فاتریالیزم** : جەبریەت ، کارێك بەزۆر بکرێت

**فاناتیزم** : جەبریەت ، باوەڕبوون بەقەدەر

**فاکتەر** : هۆکار ، کارتێکەر

## پیتی (ڤ)

**ڤینۆس** : خودای جوانی لای یۆنانیەکان

**ڤیـــتۆ** : مافی هەڵوەشاندنەوە،ڕەتکردنەوە

**ڤیـــزە** : مۆرکردنی پەساپۆرت

**ڤیـــــــترین** : رووی پێشەوەی شوشەبەند

**ڤۆڵێنتاریزم** : ویستگەرای ، ئازادی ئیرادە

**ڤیکتمۆلۆجی** : زانستی قوربانییەکان

# پیتی(ك)

**کـــابوس :** خێو ، دێوەزمە

**کاتیدرائیە :** کونیسەی کورسی پاپایی

**کارتـــــــێل :** رێکەوتننامە

**کاپیتۆلاسیۆن :** رێکەوتن لەگەڵ دووژمن

**کاردینالْ :** پلەیەکی ئایینی مەسیحیە دوای پاپا

**کاردیۆگراف :** دەزگایەکە لیدانی دڵ تۆمار دەکات

**کالیگراف :** خۆشنووس ، دەستنووس

**کاندید :** پاڵێوراو

**کامکار :** کامەران ، بەختیار

**کـــامپ :** کۆمەڵگە، نشینگە

**کانیباڵیزم:** مرۆڤکوژی ، خوێن مژی

**کاراکتـــەر:** کەسیەتی

**کاریۆلۆجی :** ناوکزانی

**کاریزمی :** کەسایەتی پیرۆز

**کالیپ :** خواوەندی ئەفسانەو داستانەکانە سەرکردەی هەموانە

**کۆکتێل:** تێکەڵکردن

**کەناڵ :** نۆکەن ، جۆگە

**کاتیگۆریکاڵ :** مەسەلەی رەها ، نەمری رەها

**کەوسەلیزم :** هۆکارخوازی

**کۆنفرانس:** کۆبونەوە بۆ تاوتویێکردنی مەسەلەکان

**کۆنسێرت :** سازوئاوازی هاوئاهەنگ

**کۆنسرواتیزم : کۆنە پارێز**

**کۆمـــۆنیزم :** خـەڵك خـوازی ، سیـستەمی هاوبـەش ، رێبازی شیوعیەت

**کۆمیسیۆن:** لیژنە

**کۆنفیدراسـیۆن :** یـەکگرتنی چـەند هـەرێمێك لەدەوڵەتێکدا

**کۆنکرێت:** بەڵگەدار

**کۆسمۆلۆجی :** گەردونناسی

**کۆرنۆلۆجی :** زەمانناسی

**کۆلۆنیالیست :** داگیرکەر

**کۆلۆنیالیزم :** داگیرکاری

**کۆلۆگۆیالیزم :**رەشۆکی گەریی

**کۆمیدی :**هەزەلی ، گاڵتەباز

**کۆلۆنێل :** پلەی عەقید لەسوپادا

**کۆماندۆ :** خۆبەخت کەر

**کودەتا :** گۆڕینی لەناکاوی ڕژێم و ڕووخاندنی دەوڵەت بەهۆی تاقمێکەوە

**کریستیان :** مەسیحی ، عیسای

**کۆسمۆپۆلیتی :** جیهانگەرا

**کۆنسێرڤەتیزم :** کۆنخوازی

**کەتەلۆگ :** لیستی زانیاری ،پێرست

**کوردۆلۆجی :** زانستی کوردناسی

**کریمینۆلۆجی :** تاوانسازی

**کلـــــــیۆ :** خوداوەندی مێژوو

**کلاســـیك :** چـاولێکەری ، ئـەدەبیاتی کـۆنی یۆنـانی و رۆمانی

**کریسمس :** جەژنی لەدایك بونی حەزرەتی عیسا

**کە پیتاڵ :** سەرمایە ، پایتەخت، گەورە

**کە پیتاڵیزم :** سەرمایەدار

**کەلتـــــور :** فەرهەنگ ، رۆشنبیری

**کۆنفیــدراڵی :** یــەکگرتنی لاوازی دوو حکومــەت یــان زیاتر هەریەکەیان سەربەخۆی خۆی هەیە

**کابینەی حکومەت :** بریتیـە لەسـەرۆك وەزیـران لەگـەڵ وەزیرەکانی دەسەڵاتی تەنفیزی لەدەستدایە

**کۆنسێرڤەتیزم :** پارێزگاری ، خۆپارێزی

**کرۆنۆلۆجیا** : نوسینی مێژوو بەبێ بەروار، زانستی کاتی رووداوەکان

**کۆمکار** : زانکۆ ، جامیعە

## پیتی(گ)

**گلۆباڵ** : جیهانی

**گلۆبالیزەیشن** : جیهانگیری ، وەك یەك لێهاتنی جیهان

**گارد** : پاسەوان ، نیگابان

**گاری** : چوارچەرخە ، عەرەبانە

**گرامافۆن** : قەوان

**گریپ** : هەڵامەت و سەرماخوردەگی

**گروپ**: دەستە ، تاقم

**گرامەر**: رێزمان

**گەریلا** : پارتیزان

**گەرەنتی** : زەمانەت ، دەستەبەر

**گرافۆلۆجی** : دەست وخەت ناسی

**گوڵخەن**: توونی حەمام

**گیـــوتین** : ئـامێری ســەربڕینە لەفەرەنــسای ١٧٩٢ دا بەکارهاتوەگلیوتان دروستی کرد

**گوڵرۆخ** : گوڵ روخسار

**گول شەن** : باخێکی پڕلە گوڵ

**گێتۆ** : گەڕەکی تایبەت بەکەمایەتی ئاینی ونەتەوەیی

**گەلەر**: پێشانگا

# پیتی(ل)

**لابراتۆر :** ئەزمونگە

**لەنگەر :** ئاسن و زنجیری قورس بۆ وەستانی کەشتی

**لیبرالیزم :** رێبازی ئازادیخوازی

**لۆژیك :** مەنتیق ، زانستی بەکارهێنانی عەقڵ

**لائیکی :** عەلمانی ، جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت

**لیبدۆ :** وزەی جنس

**لۆغۆس :** عەقڵ ، مەنتیق

**لۆگۆ :** ئارم

**لۆکاڵیزم :** ناوخۆیی

**ئیسانس :** بروانامەیەکی بەرزە نزمتر لە ماجستێر

**لات :** بتێکی بەناوبانگی عەرەب بوو

**لاهوتی :** خوای ،زانستی خواناسی

**لاما :** پیاوی رۆحانی و پێشەوای بودائیەکانە

**لۆبی :** کۆمەڵی فشار ، گوشاری سیاسیی

**لۆپاسۆلۆجی :** زانستی نەخۆشیەکانی ئاخاوتن

## پیتی (م)

**میلیتاریزم:** سوپاسالاری

**میتۆلۆجی :** ئەفسانەی،دژەلۆژیك

**مۆنۆپۆل :** دەست بەسەرداگرتن ،قۆرخ کردن

**مۆرفۆلۆجیا :** زانستی ئەندامەکانی لەش

**میتافیزیك :** ئەو دیوی سروشت،هێزی غەیبی

**مۆنتاژ :** جوتکردن و ریزکردن و رێکخستن

**مەدلول:** ئاماژە بۆکراو

**مەکیاڤیلیزم :** پارێزگاری لەدەسەلآت بەهەر شێوەیەك بێت

**میلۆدی** : ئاواز

**مەعسوم** : بێ هەڵە،لەهەڵە بەدەر بون

**مەنشەفیك** :کەمینە

**موغبەد** : سەرۆکی موغ( پێشەوای ئاینی زەردەشتی)

**مۆزائیك** : جۆرە نەخش ونیگارێکە

**موخۆرە** : نەخۆشیەکە موی سەرو برۆ دەورێنێ

**مەدهۆش**: سەرگەردان،مەست

**مەترپلۆز** : شەستیر، گوللەپرژین

**میـــــنۆ** : بەهەشت

**موستەمەند** : بێ نەوا، خەفەتبار

**میکانیزم**: شێوازی کار،ئالیەت

**مۆدێرنیزم**: هاوچەرخی ،نوێ خوازی

**مۆدێرن** : نوێ ، نوێگەری

**مانۆڕ** : مەشق و راهێنانی سەربازی

**مانێریزم** : شێوەخوازی ، لە هەڵسوکەوتدا

**مۆرتـالیزم** : مەرگ خوازی

**ماترياليست** : ماديەت،بيرۆكەى مادى

**ماجيـــك** : جادوو ، ئەفسوس

**مارشاڵ** : بەرێوەبەرى پۆليس

**ماســۆنى** : جولاْنەوەيەكى فيكرى وسياسى سەهيۆنيە

**ماس ميديا** : هۆيەكانى ڕگەياندن

**ماسۆشێست** : لەزەتوەرگرتن لەئازاردان

**مانيڤێست**: بەيان

**ماترياكى** : دايك سالارى

**مانيــزم**: مەعقول

**مايكۆلۆجى** : قارچك ناسى

**ميگافۆن** : بڵندگۆى دەستى

**ميترەلۆجى** : كەش وهەوا

**ميتافۆر**: خوازە ، مەجازى

**مۆنارشى** : پاشايەتى

**مۆنادى** : تاك ڕەوى

**مێزگرد**: منازەرە

**کاتیگۆری :** وتراو ،وتە

**میتـــۆد :** شێواز ، رێگە ، مەنهەج

**مینۆلۆجیکاڵ:** رێك و پێك ، پرۆگرامی

**مۆتیڤ :** هاندەر، پاڵنەر

**میــوز :** خوای شیعر لای یۆنانییەکان

**میسۆپۆتامیا:** وڵاتی نێوان دوو رووبار

**مــیدیا :** دەزگای راگەیاندن

**مۆنۆلۆج:** قسەکردن لەگەڵ خۆ

**مۆنۆمێنت :** پەیکەر یان بینا کە بۆ یادگاری دروست دەکرێت

**میلپۆمین :** خواوەندی شیعری تراژیدی و ژەنینی تار

**مــۆراڵ:** رەوشتی باش ، ئەخلاق

**میترائیزم :** خۆرپەرستی ، میهرپەرستی

**مۆتێل :** میوانخانەی سەرەڕێ

**مۆبۆکراســی:** حـوکمی کەسـانی هەرچـی و پەرچـی و

نەخوێندەوەارو دواکەوتو

**مۆنۆتیزم :** یەکتاپەرستی

## پیتی(ن)

**ناچرالیزم :** سروشتگەری

**ناسیۆنالیزم :** نەتەوەپەروەری

**نارکۆتیزم:** ئالودەی سرکەرەکان

**ناسیۆنالیست :** نەتەوەپەروەر

**ناتۆرالیزم :** بروا بە سروشت ، ئاینی سروشتی

**ناسوتی :** سروشتی ( سەربەجیهانی مادە )

**نەچرالیست :** شارەزا لەسروشت

**نەجـــد :** زەوی بەرین و بەرز

**نەسناس :** گیاندارێکی ئەفسانەییە لە مرۆڤ دەچێت

**نیقریس :** دەردەپاشا

**نیرەنـــــك :** هەنـــدێك نـــزاو پارانـــەوەی تایبـــەت ( زەردەشتی)

**نەهلیزم:** هیچ گەرایی ( العدمیه )

**نەرجسیەت:** خۆپەرستی

**نۆلۆجی:** زانیاری ، مەعریفە

**نۆسۆلۆجی :** پۆلاندنی نەخۆشی، زانستی پۆلێنکردن

**نیۆلۆجی :** تازەگەری ، داهێنان

**نەشنالیزەیـــشن :** خۆمـاڵی کـردن ، سروشـتی کـردن ، وەرگرتنی رەگەزنامە

**نێگەتیڤ :** نەرێ ، سلبی

**ناریزم :** عەشقی خۆبوون و دابڕان لە دەورووبەر

**نیپۆتیزم :** خۆیەتی (خزم خزمێنە)

**نۆمادیزم :** کۆچەرایەتی ، رەوەندی

**نۆمینالیزم :** رێرەوی ناوگەرایی

# پیتی (هـ)

**هیمۆرەج :** خوین بەربوونی زۆر

**هیمۆفیلیا :** نەخۆشی خوێن بەربوون

**هستریا :** جۆرە نەخۆشیەکی دەروونیە ( پەرکەم)

**هیستۆریزم :** مێژووگەری

**هیستۆلۆجی :** شانەزانی

**هیپنۆتیزم :** خەواندنی موگناتیزی

**هیپنۆتیست :** ئەو کەسەی خەواندنی موگناتیزی دەکات

**هیپاتۆلۆجی :** جگەر زانی

**هیماتۆلۆجی :** خوێن ناسی، زانستی خوێن

**هیمۆپاسۆلۆجی :** نەخۆشیەکانی خوێن

**هەیۆلا :** مادە ، بنەرەتی هەموو شتێك

**هیمۆردۆز:** مایەسیری

**هیربالیست :** گیا ناس

**هیرۆتیزم :** ئازایەتی ، پاڵەوانیەتی

**هیترۆلۆجی :** لۆژیکی چەند لایەنە

**هیدۆنیزم :** چێژخوازی

**هۆلیزم :** گشت خوازی

**هیندۆیزم :** دینی هیندۆسی

**هۆگمانی :** شەوی سەری ساڵ لای ئۆسکوتلەندی٣١ی دیسەمبەر

**هۆلۆکۆست :** رەشەکوژی جولەکە

**هۆلیگەنیزم :** توندوتیژی ئازارچیەتی

**هۆری زنتاڵی :** ئاسۆی

**هۆرتی کەلچراڵ :** زانستی باخەوانی ،باخداری

**هیترۆلۆجی** : ناجۆربون، ناگونجان

**هۆمۆلۆجی** : لێك چون، هاوشێوەبون

**هیۆسیزم** : قۆناغی خوداوەندی بەهێزو خواوەندی بچوك

**هیۆمانیزم** : مرۆڤایەتی

**هارمۆنی**: رێك سازی ، هەماهەنگی

**هارمۆنیکا** : ئامێری مۆسیقا

## پیتی (ی)

**یۆتۆپیا**: ئەو شوێنەی کەنیە،مەملمکەتی خەیاڵی

**یۆرانیزم**: نێربازی

**یونیلاتێرالیزم** : یەك لایەنە

**یونیڤرساڵ** : جیهانی

# ســـەرنجێکی پێویست

ئـەوەی ئاشـکرایە لـەئامادەکردنی ئـەم بەرهەمـەدا سـوود لەچــەندین سەرچــاوەی جــۆراو جــۆر وەرگــیراوە کــەزیاتر لە {٥٠} سەرچاوەیەوەک :(کتێب،فەرهەنگ،نامیلکە،سەرچاوە ی تــر) هەریــەک لــەو سەرچــاوانە وشــەیەک یــان زیــاد لەزاراوەیەکیان لێوەرگیراوە،بەڵام لێرەدا ناکرێت ناوی ئـەو سەرچــاوانە یــەک لــەدوای یــەک بنوسرێت،چــونکە ئەمــە لێکۆڵینەوەیــەکی ئــەکادیمی نیــە تاهــەر سەرچــاوەیەک ئەگــەر زاراوەیــەکی لێــوەرگیرا بێــت ئــەوا نــاوی نوســەرو کتێــب و ســاڵی چــاپی بنوســرێت،بەڵام ئــەوەی لێــرەدا گرنگە،ئەوەیــە هــەوڵم داوە نــاوی ئــەو سەرچــاوانە دیــاری

بکەم کەزۆر سوودم لێوەرگرتوون، وەلێرەوە زۆر سوپاسی نووسەرو ئامادەکاری ئەو سەرچاوانە دەکەم،هیوادارم ئەم هەوڵ و ماندووبوونەی منیش جێگەی سوپاس و پیزانینی ئێوەی خۆشەویست بێت .

# سەرچاوەکان

١- فەرهەنگی فەلسەفە: ڕۆشنا ئەحمەد

٢- فەرهەنگی فەلسەفەو زانستە کۆمەڵایەتیەکان: فەرشید شەریف

٣- فەرهەنگی کۆمەڵناسی: عوبێد خدر

٤- فەرهەنگی سایکۆلۆجی: سابیر بەکر بۆکانی

٥- (٥٠٠) وشەو زاراوە : حسێن مەحمود هەڵەبجەیی

٦- ئەم زاراوانە بناسە : یەکگرتووی قوتابیانی ئیسلامی کوردستان

٧- زیاد لە(٥٠)سەرچاوەی دیکە کە زاراوەیەک یان زیاتری لێوەرگیراوە

# سوپاس و پێزانین

لەکۆتایدا ئەگەر بەیەك وشەش بێت ئەمـەوێت بڵـێم سـوپاس وپێزانین و ڕێزو خۆشەویستی تەواوم بۆ ئـەو هـاوڕێ و کەسـە خۆشەویستانەی ئەگەر بەیەك زاراوەش بێت هاوکاریان کردبم کەئەم بەرهەمەیان دەوڵە مەندکردوم.